www.meri-k.org

2 ئۆکتۆبەری 2021 – بەرگی 4، ژمارە 42

سەرنجی سیاسی

*مۆرتن بۆوس

پێشگرتن لە دەمارگیریی توندوتیژ

پتەوکردنی هێزی ناوەکی کۆمەڵگا زۆر گرنگە بۆ پێشگرتن لە دەمارگیریی توندوتیژ. بەڵام ئەو کارە پێویستی بە رێکاری وورد و دیراسەتکردنی پۆڵەسیەکانی پێشوو هەیە. ئینستیتیوتی مێری یەکێکە لە پازدە سەنتەری توێژینەوەی جیهانی بۆ توێژینەوە لەو بابەتە لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکووری ئەفریکا و ناوچەی بەلکان، ئەوەش لە چوارچێوەی پرۆژەی (PREVEX) دا کە لەلایەن یەکێتی ئەوروپاوە پاڵپشتی کراوە.

یەکێتی ئەوروپا لە ساڵی 2001 ەوە تا ئێستا چەندین جار چاوی بە پۆڵەسیەکانی بۆ رووبەڕووبوونەوەی تیرۆر داخشاندووەتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا، کاریگەری تێکدەرانەی دەمارگیریی توندوتیژ تەنگی هەڵچنیوە و شەپۆلی شۆکە هەژێنەرەکانی سنووری نێودەوڵەتیەکانی بەزاندووە. بەڵام پرسیاری بنەڕەتی هەر ماوەتەوە: بۆچی دەمارگیریی توندوتیژ لە هەندێ کۆمەڵگادا سەرهەڵدەدات و لە هەندێکی دیکە سەر هەڵنادات؟ وەڵامی ئەو پرسیارە ئامانجە سەرەکیەکەی ئەو پرۆژە نوێیەیە) بە ناوی (PREVEX کە لەلایەن یەکێتی ئەوروپاوە پاڵپشتی لێکراوە. ئەوەش بۆ دیراسەتکردنی دینامیەتە کۆمەڵایەتی و سیاسیەکانە لەو ژینگانەی هۆکاری دەمارگیریان تێدایە لە هەرێمك لە ناوچەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکووری ئەفریکا و ناوچەی بەڵکان لە ئەوروپا. هاوکات پرۆژەکە بۆ دەستنیشانکردنی رێگاکانی پێشگرتنە لە دەمارگیریی توندوتیژ بۆ ئەوەی داڕێژەرانی پۆڵەسی بتوانن رێگاچارەی باشتر و کاریگەرتر لەخۆ بگرن، ئەوەش لە رێگەی پتەوکردنی هێز و بەرهەڵستیە هەناویەکانی کۆمەڵگا .

تیمی جێبەجێکارانی ئەو پرۆژەیە تیشك دەخەنە سەر ناوچەیەکی بەرفراوان لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست (بە عێراقەوە) و باکووری ئەفریکا و ناوچەی بەڵکان بۆ ئەوەی بە قووڵیەوە بەراوردی لە نێوان ئەو ژینگانە بکرێ کە حاڵەتی دەمارگیریی توندوتیژیان لێ سەرهەڵدەدات لەگەڵ ئەوانەی کە لێیان سەرهەڵنادات. هاوکات دیراسەتی چۆنێتی پتەوکردنی هێز و بەرهەڵستی کۆمەڵایەتی دەکرێتەوە لەو ژینگانەی کە رێخۆشکەرن بۆ دەمارگیریی توندوتیژ بەڵام هێشتا دیاردەکەیان تێدا بەدی نەکراوە .

پرۆژەی PREVEX تەرکیز دەخاتە سەر پێنج ئامانجی سەرەکی بۆ باشترکردنی رێگاکانی پێشگرتن لە دەمارگیریی توندوتیژ:

١. تێگەیشتنی وورد‌ەکاریەکانی دەمارگیریی توندوتیژ:

سەرباری ئەوەی کە زاراوە و چەمکی دەمارگیریی توندوتیژ لە بواری ئەمنیدا زۆر بەکار دێت، کەچی هێشتا پێناسەیەکی وورد و تەواو بۆ زاراوەکە و دیاردەکە نەکراوە. ئایا چۆن بەبێ تێگەیشتنێکی روون بۆ سروشتی ئەو دیاردەیە دەتوانین کاریگەر بین لە پێشگریکردن لە دەمارگیریی توندوتیژ؟ بێگومان پرکردنەوەی ئەو کەلێنە گرنگە ئەگینا لە کاتی داڕێژتنی پۆڵەسیدا دەبێتە هۆی دەرهاویشتەی نەخوازراو. بە واتایەکی

دیکە، ئەو بەرچاوڕوونیە تەنیا بۆ مەبەستی ئەکادیمی نیە بەڵکو بۆ خودی ئەو پۆڵەسیانەیە کە بۆ پێشگریکردن لە دەمارگیریی توندوتیژ لە ناوچەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکووری ئەفریکا و ناوچەی بەڵکان دادەڕێژرن .

٢. وێناکردنی چوارچێوەی ژینگەی هاندەر:

وێناکردنی چوارچێوەی ژینگەی هاندەر کە فاکتەرە جیاوازەکانی سەرهەڵدانی دەمارگیریی تووندوتیژی تێدایە و ئەگەری سەرهەڵدانی دیاردەکەشی تێدا بەرزە زۆر پێویستە. ئەو چوارچێوە شیکاریە لەسەر سێ خاسیەتی سەرەکی بونیادنراوە: چرکەساتی بڕیاردان، حاڵاتی سەرهەڵدان یان سەرهەڵنەدانی دەمارگیریی تووندوتیژ، و کاریگەری ڕێکارەکانی پێشگرتن.

چرکەساتی بڕیاردان: لەوکاتەی کە ئایدۆلۆژیای رادیکالیزم یان گوتاری رق بەربڵاون تێگەیشتن لەو چرکەساتانەی بڕیاردان کە دەبنە هۆی تووندوتیژی زۆر گرنگە.

سەرهەڵدان و سەرهەڵنەدان: لەو پڕۆژەیەدا سەرنجێکی تایبەت دەخەینە سەر حاڵاتی سەرهەڵنەدانی دەمارگیریی تووندوتیژ لە ژینگەیەکی هاندەردا. دەشپرسین: بۆچی هەندێ کۆمەڵگا توانایەکی باشتریان هەیە لە بەرهەڵستیکردنی ئایدۆلۆژیای دەمارگیریی تووندوتیژ؟ سەرکردەی کۆمەڵگا لۆکاڵیەکان، بە سەرکردە ئاینیەکانەوە، چی ڕۆڵێك لەو بارەیەوە دەبینن؟ زۆربەی جار تێگەیشتینی هۆکارەکانی سەرهەڵنەدانی تووندوتیژی گرنگترە لە تێگەیشتنی هۆکارەکانی سەرهەڵدان بۆ ئەوەی ڕێکارەکانی بەرزکردنەوەی توانای بەرهەڵستی و پێشگرتن لە تووندوتیژی دیزاین بکرێن .

ڕێکارەکانی پێشگرتن: لێرەدا گرینمانەکەمان ئەوەیە کە دەستنیشانکردنی ڕێکارە گاریگەرەکانی پێشگرتن پێویستی بە باشتر تێگەیشتنی بزوێنەرە جیاوازەکانی پرۆسەی دەمارگیریی تووندوتیژ هەیە، لەگەڵ تێگەیشتن ئایا بۆچی دیاردەکە لە هەندێ ناوچەدا هەتا ئاستی تووندوتیژی گەشە دەستێنێ و لە هەندێکی دیکەدا گەشە ناستێنێ.

٣. پێکەوە بەستنەوەی دینامیەتە لۆکاڵی و جیهانیەکان :

زۆربەی ئەو شێوازە دەمارگیرییە تووندوتیژەی کە لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکوری ئەفریکا و ناوچەی بەڵکان ڕووبەڕوویان دەبینەوە لۆکاڵین بەڵام خاوەنی پەیوەندی جیهانین. پێویستە پەیوەندی لۆکاڵی و جیهانی لەیەکتر جیا بکەینەوە چونە هەندێ گروپ بە ئەنقەست و بە مەبەست و بە ستراتیژ هەوڵدەدەن ببنە خاوەن براندێکی چالاك لە تۆڕی ئایدیۆلۆژیای دەمارگیری جیهانیدا (بۆ نموونە ئەلقاعیدە و داعش). دیارە بەکارهێنانی ئەو جۆرە ستراتیژە بۆ براندەکانیان بۆ ئەوەیە کە ڕێکخراوەکانیان زیاد لە قەوارەی خۆیان بە تواناتر و کاریگەرتر و نێودەڵەتیتر ببینرێن .

٤. تێگەیشتن لە دەسەڵاتە رکابەرەکان :

دیارە کە خەڵکانێکی زۆر لە پانتایی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکوری ئەفریکا و ناوچەی بەڵکان لە چوارچێوەی دەوڵەتی ناسك و لەرزۆکدا دەژین، کە حکومەتەکانیان توانای یان ئیرادەی خزمەتکردن و پاراستنی هاوڵاتیانیان نیە. هەندێك لەو خەڵکانە وەك گەندەڵ و ناکاریگەر سەیری دەوڵەتەکەیان دەکەن، لەجیاتی ئەوەی وەك خزمەتگوزار و کاریگەر ببینن. ئەوەش دەبێتە هۆی دەربڕینی ناڕەزایی لە دژی دەوڵەت کە لە لایەن سەرکردە تووندڕەوەکانەوە بە ئایدیۆلۆژیای دەمارگیریەوە وەك ئامراز بەکار دەهێندرێن .

٥ (بەرزکردنەوەی ئاستی کاریگەریی ڕێکارەکانی پێشگرتن :

لەو کاتەی کە لە پڕۆژەی PREVEX دا بە ڕێکاری خواربەرەو سەر بڕەوێکی گەورە بە تۆڕینەوەی بواری دەمارگیریی تووندوتیژ و ستراتیژەکانی پێشگرتن دەدرێت، پێشنیازەکانی پۆڵەسی کە لێرەی بەرهەم دێن دەبنە هۆی تێگەیشتنێکی باشتر لە چۆنێتی پێشگریکردن لە دەمارگیریی تووندوتیژ، هەروەها چۆن تواناکانی یەکێتی ئەورووپا و وڵاتە هاوبەشەکانی لەو بوارەدا باشتر بکرێن .

ئینستیتیوتی مێری یەکێکە لە پازدە دامەزراوە و سەنتەری توێژینەوەی هاوبەش بۆ جێبەجێکردنی ئەو پرۆژە تەمووحە، کە پاڵپشتی داراییان لە چوارچێوەی بەرنامەی Horizon 2020 Horizon 2020 Research and Innovation Programme لەلایەن یەکێتی ئەورووپاوە بۆ دابنیکراوە (رێکەوتننامەی ژمارە 870724). وەك توێژەری سەرەکی رێککەر لەو پرۆژەیەدا، ئەو دەرفەتە بەکار دێنم بۆ ئەوەی سوپاس و پێزانینی خۆم بۆ ئینستیتیوتی مێری دەربېرم بۆ ئەو شەراکەتە و ئەو کارە چاکانەی کە توێژەرانی ئینستیتیوتی مێری ئەنجامیان داوە، نەك تەنیا بۆ پرۆژەی PREVEX بەڵکو بۆ چەندین پرۆژەی دیکەی کە لە پێنج ساڵی رابوردوودا هەردوو ئینستیتیوتی مێری و نوپی بەیەکەوە ئەنجامیان داوە.

بەکارهێنانی وەکو سەرچاوە. مۆرتن بۆوس (2021) پێشگرتن لە دەمارگیریی تووندوتیژ، سەرنجی سیاسی. بەرگی 4، ژمارە 43

ئەم بیرو رایانەی لەم بابەتەدا خراونەتەروو بیروبۆچونی نوسەر خۆین و مەرج نیە کە بیروبۆچونی ئینستیتیوتی مێری بن.